# ئەگەر ڕەمەزان هات عومرە ئەنجام بدە، چونکە عومرەیەك تێیدا وەك حەج کردنە

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی بە ئافرەتێك لە ئەنسارِیەکان - ئیبن جریج دەڵێت: ئیب عباس ناوی هێنا بەڵام ناوەکەیم لەبیرچووەوە- : «چی ڕێگر بوو لەوەی لەگەڵ ئێمە حەج بکەیت؟» ووتی: تەنها دوو وشترمان هەبو، وشترێکیان پیاوەکەم وکوڕەکەم بردیان بەهۆی ئەنجامدانی حەج، و وشترێکی بۆ ئێمە بەجێهێشت بۆئەوەی ئاوی پێ بهێنین وئاوی پێ بدەین، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەگەر ڕەمەزان هات عومرە ئەنجام بدە، چونکە عومرەیەك تێیدا وەك حەج کردنە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

کاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە حەجیماڵئاوایی گەڕایەوە ؛ بە ئافرەتێك لە ئەنسارِەکانی فەرمووو: بۆچی حەجت ئەنجام نەدا، چی ڕێگر بوو لەوەی لەگەڵ ئێمە حەج بکەیت؟ عوزر خوایی هێنایەوە بەوەی دوو وشتریان هەبووە، مێردەکەی وکوڕەکەی لەسەر وشترێك حەجیان کردووە، ودانەکەی تریان بە جێ هێشتووە بۆئەوەی ئاوی پێ بهێنن وئاوی پێ بدەن. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو کە ئەنجامدانی عومرە لە مانگی ڕەمەزاندا ؛ پاداشتی وەکو پاداشتی ئەنجامدانی حەجێکە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee